**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق**

پشت بەستن بە حوكمی مادده (121/یەكەم) لە دەستووری عێراقی هەمیشەیی و مادده (1/56) لە یاسای پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو و لەسەر ئەوەی كە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق بەرچاوی خستووە، پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (24)ی رۆژی 2011/5/31 بڕیاری دانانی ئەم یاسایەیدا

# یاسای ژمارە (6) ی ساڵی 2011

# یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان ـ عێراق بۆ ساڵی 2011

## بەشی یەكەم

## داهەتەكان

**ماددەی یەكەم:**

داهاتەكانی بودجەی ساڵی دارایی (2011)ی هەرێمی كوردستان ـ عێراق بە بڕی (12.386.000 ملیۆن) دوازدە تریلیۆن و سێ سەد و هەشتا و شەش ملیار دینار دەخەملێندرێت، بە گوێرەی ئەوەی كە لەم خشتەی دادێت روون كراوەتەوە:

| ژ | ناونیشان | بڕی پارە |
|---|---|---|
| .1 | بەشی هەرێم بە گوێرەی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی كۆماری عیراق بۆ ساڵی دارایی (2011) | (11.180.000 ملیۆن) یازدە تریلیۆن و سەد و هەشتا ملیار دینار. |
| .2 | داهاتی بە كردنی بەدەست هاتوو لە دەروازەكانی سنووری هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2010 كە دووبارە لە چوارچێوەی بودجەی هەرێمی كوردستان تەرخان كراوەتەوە، ئەویش بە گوێرەی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (25) لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی كۆماری عیراق بۆ ساڵی دارایی 2011. | (305 ملیار) سێ سەد و پێنج ملیار دینار. |
| .3 | داهاتی خەملێنراوی فرۆشتنی وزەی كارەبا لە هەرێمدا. | (151 ملیار) سەد و پەنجا و یەك ملیار دینار. |
| .4 | داهاتی گشتی خەملێنرا و بە داهاتی دەروازە سنووریەكانی ساڵی 2011. | (400 ملیار) چوار سەد ملیار دینار. |
| .5 | بڕە پارەی پترۆ دۆلار بەگوێرەی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (25) لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی كۆماری عیراق بۆ ساڵی دارایی (2011). | (350 ملیار) سێ سەد و پەنجا ملیار دینار. |

## بەشی دووەم
## خەرجی و کورت هێنان

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** بۆ خەرجییەکانی ساڵی دارایی (2011) بڕی (13.950.670) سێزدە تریلیۆن و نۆ سەد پەنجا ملیار شەسەد و حەفتا ملیۆن دینار تەرخان دەکرێت و بەم جۆرەش دابەش دەکرێت:

1- بڕی (3.852.000 ملیۆن) سێ تریلیۆن و هەشت سەد و پەنجا و دوو ملیار دینار بۆ خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

2- بڕی (298) دوو سەدو نەود و هەشتا ملیار دینار بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی پرۆژەی هەرێمەکان و پارێزگاکان و لەسەر پارێزگاریشە پلانی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی سەر بەو کە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە پەسندکراوە پێشکەش بە وەزارەتی پلاندانان بکات بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە و پەسندی بکات بە مەرجێ رەچاوی ئەو ناوچانە بکات کە لەناو پارێزگادا زیاتر تووشی زیان هاتوون و ژمارەی دانیشتوانیشی.

3- بڕی (54.000) پەنجا و چوار ملیار دینار بۆ خەرجییەکانی ئەنجومەنی دادوەری.

4- بڕی (74,000) حەفتا و چوار ملیار دینار بۆ خەرجییەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

**دووەم:** کورت هێنانی بەرپلان بە (1.564.296) یەك تریلیۆن و پێنج سەد و شەست و چوار ملیار و دوو سەد و نەوەد و شەش ملیۆن دینار. ئەم کورت هێنانەش لەو بەشە پارەیەی وەزارەتی پێشمەرگە پڕ دەکرێتەوە، کە لە بودجەی وەگەڕخستنی فیدراڵدا بۆ پاسەوانانی هەرێم لە نێو بڕە پارەی وەزارەتی بەرگریی عیراقی فیدراڵ بە گوێرەی یاساکانی بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ ساڵانی دارایی (2007 تا 2011) تەرخان کراون.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** داشکاندنی رێژەی 10٪ لە کۆی بودجەی وەگەڕخستن کە بڕەکەی 989 ملیار و 670 ملیۆن دینارە و بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگوازرێتەوە:

1- بڕی (150) سەد و پەنجا ملیار دینار بۆ بەردەوامبوونی هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە لە هەرێمدا.

2- بڕی (300) سێ سەد ملیار دینار بۆ ئەوەی بخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان بۆ بەهێزکردنی پرۆژە پێشنیارکراوەکان کە رێژەی لە 10٪ ی تێچووی گشتی پرۆژەکەی بۆ تەرخان کراوە و بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا بەگوێرەی رێژەی دانیشتوانیان دابەش دەکرێت.

3- بڕی (100) سەد ملیار دینار بۆ پشتگیری پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی قەزا و ناحیە سنوورییە زیان لێکەوتووەکان و ئەوانەی لە رابردوودا کۆچیان پێ کراوە، بەمەرجێ بخرێتە سەر بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان بەگوێرەی چڕی دانیشتوانیان.

4- بڕی (70) حەفتا ملیار دینار بۆ پشتگیری پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ناوچە دابڕێندرا و کێشە لەسەرەکان و وەزارەتی پلاندانانی هەرێم بەدواداچوونی جێبەجێکردنی دەکات.

5- بڕی (20) بیست ملیار دینار بۆ دروست کردن و نۆژەنکردنەوەی دامەزراوە وەرزشییەکان و پشتگیریی کەرتی وەرزش لە هەرێمدا.

6- بڕی (35) سی و پێنج ملیار دینار بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکانی هەرێم.

**دووەم:** ئەو بڕەی کە دەمێنێتەوە کە (314,670) سێ سەدو چواردە ملیار و شەش سەد و حەفتا ملیۆنە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

1- زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری لە (2,5) دوو ملیۆن و نیوەوە بۆ (5) پێنج ملیۆن دینار.

2- زیاد کردنی پێشینەی خانووبەرە لە (15) پانزە ملیۆن دینارەوە بۆ (20) بیست ملیۆن دینار.

3- زیادکردنی دەرماڵەی کەسەکانی پۆلیس و ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (دەرماڵەی خواردن) بۆ (210) دوو سەدو دە هەزار دینار مانگانە.

4- زیادکردنی تەرخان کراوی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی لە (75) حەفتا و پێنج هەزارەوە بۆ (150) سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە.

5- بەهێز کردنی قەرزەکانی هەردوو بانکی کشتوکاڵی و پیشەسازی.

6- پێشینەی هاوسەرگیری کە (5) پێنج ملیۆن دینارە بە کوڕوکچی شەهید و ئەنفال کراوە دەدرێت و لێیان وەرناگیرێتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەرکی دابین کردنی پارەی وەزارەت و ئیدارەکان بە گوێرەی داهاتی دارایی بەر دەست، دەگرێتە ئەستۆ.

**مادده پێنجەم:**

**یەکەم:** هەموو داهاتی ئەو فەرمانگانەی کە لە ناوەندەوە پارەیان پێ دەدرێت، بە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆمار دەکرێت.

**دووەم:** بەدەر لە حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە، لەسەر وەزیری دارایی و ئابوورییە:

1- زیاد کردنی بڕی داهاتەکانی مانگانە کە وەزارەتی تەندروستی بە هەموو فەرمانگەکانییەوە وەدی دەهێنێت، بۆ سەر بودجەی ئەو وەزارەتە، بە مەبەستی کڕینی داودەرمان و وە هانا هاتنی خەرجییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە بە گوێرەی خواستی وەزارەت کە خشتەی داهاتی وەدەست هاتووی کردەنی لەگەڵدا بێت.

2- زیاد کردنی بڕی داهاتی مانگانە کە وەزارەتی کارەبای بە هەموو فەرمانگەکانییەوە وەدی دەهێنێت، بۆ سەر بودجەی وەزارەت، بۆ مەبەستەکانی پەرەپێدان و باشتر کردنی تۆڕەکانی کارەبا بە گوێرەی خواستی وەزارەت، کە خشتەی وەدەست هاتووی کردەیی لەگەڵدا بێت.

**ماددەی شەشەم:**

ئەو بڕە کۆمەکانەی پێشکەش دەکرێن بە وەزارەتەکان و ئەو فەرمانگانەی گرێدراوی وەزارەت نین، لە پاش قبووڵ کردنیان لە لایەن وەزیری دارایی و ئابوورییەوە، وەك داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینە تۆمار دەکرێن، بە مەرجێك وەزیری دارایی و ئابووری لە چوارچێوەی بودجەی وەزارەت یان لایەنانی گرێ نەدراو بە وەزارەت تەرخانی بکاتەوە، بە مەبەستی ئەوەی لەو خواستەدا خەرج بکرێت کە لە پێناویدا بەخشراوە.

## بەشی سێیەم

## (دەسەڵاتەکان)

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** خەرج کردن لە پشتیوانەی حیساباتی سەرەکی (بەخشین، باروبوو، خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان) دەبێت، ئەویش لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە لە چوارچێوەی بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عیراقدا.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە دەسەڵاتی خەرج کردنی راستەوخۆ لەبەر رۆشنایی تەرخان کراو لە چوارچێوەی بودجەی ساڵانەیاندا، بە وەزیران و سەرۆکی لایەنانی گرێ نەدراو بە وەزارەت و بریکاری وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرانی گشتی و بەڕێوەبەران و سەرۆك یەکەکانی ئیداری بدات، ئەمەش بە گوێرەی بڕیارێکی ئەنجومەن دەبێت کە بۆ ئەو مەبەستە دەرچووە و ئەنجومەنیش بۆی هەیە بە گوێرەی هەلومەرجی بەرژەوەندیی گشتی و پیادە کردنی بنەمای لامەرکەزی، چاو بەو دەسەڵاتانەی کە دراون، دەخشێندرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە لە نێو پشتیوانەی تایبەت بە پەرلەماندا گوێزانەوە بکات.

**دووەم**: سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە لە نێو پشتیوانەی تایبەت بە ئەنجومەنی دادوەریدا گوێزانەوە بكات هەروەها بۆ هەیە راستەوخۆ خەرج بكات.

**سێیەم**: وەزیری پلان دانان بە پشت بەستن بە خواستی وەزارەتی پەیوەندیدار، بۆی هەیە گوێزانەوەی پێویست بكات بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان لە نێو بودجەی وەبەرهێنانی ئەرێ كراو ( راستێندراو) بۆ هەمان وەزارەت و لە سنووری یەك پارێزگادا، لەم بارەیەشەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاگادار بكاتەوە.

**چوارەم**: وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان و وەزارەتەكانی پەیوەندیدار، بۆی هەیە گوێزانەوەی پێویست بكات بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان لە نێوانی وەزارەتەكاندا و لە سنووری یەك پارێزگا یان قەزادا و لە نێو بودجەی ئەرێ كراو (راستێندراو) ی وەبەرهێناندا.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەكەم**: وەزیری دارایی و ئابووری ئەو دەسەڵاتەی هەیە، گوێزانەوە لە نێوان پشتەوانەكانی یەك دەروازەدا بكات، بەدەر لە بەشی مووچە كە دەكرێ بۆی بگوێزرێتەوە و ناكرێ لێی بگوێزرێتەوە.

**دووەم**: وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گوێزانەوە لە نێوان پشتوانەی دەروازەكانی بودجەدا بكات، بە مەبەستی دابین كردنی توانای خەرج كردن بۆ ئەو فەرمانگانەی بڕیار دەدرێت لە وەزارەتێك جیا بكرێنەوە و بدرێنە پاڵ وەزارەتێكی دیكەوەو، وەزیری تایبەتمەندیش بۆی هەیە لە نێو یەك بەش و یەك یەكەی خەرج كردندا، گوێزانەوە بكات.

**سێیەم**: نابێ گوێزانەوە لە نێوانی پارێزگاكاندا بكرێت، لەوەی پەیوەندیی بە تەرخان كراوەكانی ئاوەدان كردنەوە و پەرەپێدانی پرۆژەی هەرێمەكان و پارێزگاكانەوە هەیە.

**ماددەی دەیەم:**

**یەكەم**: وەزیری تایبەتمەند دەسەڵاتی خەرج كردنی هەیە بە بڕێ كە لە (350) سێ سەد و پەنجا ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك تێپەڕ نەكات، بۆشی هەیە كە دەسەڵات بە سەرۆك فەرمانگەكانی سەر بە وەزارەتەكەی بدات، كە بڕی تا (250) دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار خەرج بكەن.

**دووەم**: ئەو سەرۆك  دەستانەی سەر بە وەزارەتێك نین، دەسەڵاتی خەرج كردنی تا (300) سێ سەد ملیۆن دینار زیاتریان نییە بۆ هەر حاڵەتێك هەیە.

**سێیەم**: لە یەكەم و دووەمدا، ئەمانەی دادێن رەچاو دەكرێن:

1- خەرج کردن بە گوێرەی پشتەوانەی پەسند کراو لە بودجەی گشتی ساڵانە دەبێت و بۆ ئەو مەبەستانەی بۆیان دیاری کراوە.

2- پابەند بوون بەو پشتەوانەی لە بودجەی گشتیدا تەرخان کراوە، ناشکرێ خۆ وا پابەند بە خەرج کردن بکرێت، بە زیاتر لەوەی لە بودجەدا تەرخان کراوە.

**چوارەم:** وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەسەڵاتی خەرج کردنی ئەو بڕە پارەیەی هەیە کە بۆ باربووی(اعانات) کشتوکاڵی تەرخان کراوە تا لە کاتی گونجاوداو بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی وئابووری وە هانای پێداویستییەکانەوە بچێت.

**ماددەی یازدەم:**

پاداشتی فەرمانبەران ساڵانە بۆ یەك کەس لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نابێت و لەنێو بڕە پارەی تەرخان کراو لە بودجەدا و بە گوێرەی ڕێنمایی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەری دەکات.

## بەشی چوارەم

## (میلاك)

**ماددەی دوازدەم:**

**یەکەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دی وردەکاریی میلاکی دامودەزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی (2011)ی دارایی ڕێك دەخات و پەسندی دەکات لەبەر ڕۆشنایی تێچووی مووچەی پەسند کراو بۆ هەرێم کە دەکاتە (25.000 بیست و پێنج هەزار پلەی وەزیفی)ی لە نوێ دانراو بۆ ساڵی 2011.

**دووەم:** دەبێ وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی گرێدراوی وەزارەت نین، پلەکانی نوێی وەزیفی لە نێو میلاکی دامودەزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی (2011)، دادپەروەرانە دابەشی سەر پارێزگا و یەکە کارگێڕیەکانی بکەن، بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووان و، بە پێی ئەو بنەما و ڕێنماییانەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەریکردووە تا ئەو کاتەی یاسای ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی هەرێم دەردەچێت و دەخرێتە کارەوە، لەگەڵ پێدانی ئەولەوییەت بە کوڕ و کچانی شەهید و ئەنفالکراوان.

**سێیەم:** وەزارەتەکان و لایەنانی نا گرێدراو بە وەزارەت، پەیوەست دەبن بەوەی خشتە بدەنە وەزارەتی دارایی و ئابووری کە بریتی بێت لە ژمارەی فەرمانبەران و ناو و ناونیشان و پلەی وەزیفییان ، هی ئەوانەی لە ساڵی 2011 دا بە گوێرەی ئەو ڕێژانەی پێشتر ئاماژەیان پێ کرا دادەمەزرێن لەگەڵ فەرمانەکانی تایبەت بە دامەزراندن.

**چوارەم**: میلاکە زیادەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووریی کە (4000) چوار هەزار پلـەی وەزیفییـە دەگوازرێنەوە بۆ میلاکی وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروسـتی و نـاوخۆ و ناوچـە کێشـە لەسەرەکان تەرخان دەکرێت.

**ماددەی سێزدەم:**

**یەکەم**: لە کاتی رەزامەنـدی دەربـڕین لەسەرگواسـتنەوەی راژەی فەرمانبـەر لــە فەرمانگەیـەك لـە فەرمانگەکانی هەرێمەوە بۆ کەرتی تایبەت:

1- وەزارەتی دارایی و ئابووری نیوەی ئەو مووچەی کـە لــە فەرمانگـە لێـی گواسـتراوەکە وەری دەگرێت، تا ماوەی (3) سێ ساڵ لە مێژووی گواستنەوەکە لە ئەستۆ دەگرێت بە مـەرجێك بـە یەکجارەکی پەیوەندیی لەگەڵ فەرمانگەکەیدا بپچڕێت.

2- ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرەکەی لێ گوازراوەتەوە، ئەوە مووچەیەی بۆ لایەنی کەری تایبەت کـە فەرمانبەرەکەی بۆ گوازراوەتەوە بە گوێرەی ئەوەی کە لە (یەکەم/1)ی سـەرەوەی ئـەم ماددەیـەدا هاتووە خەرج دەکات.

3- لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووریە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنـی حوکمـەکانی ئـەم بڕگەیە دەربکات و مەرجەکانی دیاری بکات.

**دووەم**: لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابوورییە پاڵپشتی داهاتەکانی سەندووقی دەزگای خانەنشـینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکات بە تەرخان کردنی بڕێك کە لــە (30٪)ی ئابوونـەی دراوی دەزگاکە زیاتر نەبێت، لە مـاوەی سـاڵی دارایـی پێشـوو لەچوارچـێوەی تـەرخان کـراوی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیدا.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم**: بەردەوام بوون لە جێبەجێ کردنی پـرۆژەی بووژاندنـەوە و پەرەپێـدانی توانـا مرۆییـەکانی کوردستان، لە پێناو پێگەیاندنی کادیرانی پسپۆر لە بواری جیاجیـادا کـە هـەرێم پێویسـتی پێییانە، لە رێی زەمالە و نێردە و توێژینەوە و خولی مەشقەوە بە سەرپەرشتیی دەستەی بـاڵا کە بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران و جێگرەکـەی و وەزیرانـی (پـەروەردە، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و، پلانـدانان) کـە بـە گـوێرەی پـەیڕەوی پەسـندکراو (راستێندراو) لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێك هاتووە.

**دووەم**: خەرج کردنی ئەو بڕە پارەیەی بۆ سندووقی پرۆژەکە تەرخان کـراوە، بـەردەوام دەبێـت و وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پشتیوانی کردن لە سندووقەکە لە کـاتی پێویسـتدا، زێـدە بڕە پارەی پێویست دابین دەکات.

**ماددەی پازدەم:**

بـڕی (200) دوو سـەد ملیـار دینـار بـۆ پشـتیوانی کردنـی حیزبـەکان و پـرۆژەی ڕێکخـراوە ناحکومییەکان تەرخان دەکرێت و خەرج کردنی ئەو بڕە تەرخان کراوەش بـە ڕێکـاری کـاتی لـە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە دەبێت، بە مـەرجێك ئـەو بـڕە پارانـەی لـە لایـەن حیـزب و ڕێکخراوەکانی ناحکومییەوە لە ساڵی 2010دا وەرگیراون پاکتاو (تسـویە) بکـرێن، ئەوەشـی لـە ساڵی 2011دا وەردەگیرێت بە گوێرەی یاسـای ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان ژمـارە (1)ی سـاڵی 2011 و یاسای پاڵپشتی حیزبەکان هەر کاتێ پەرلـەمانی هەرێمی کوردستان پەسندی کرد.

**ماددەی شازدەم:**

**یەکەم**: وەزارەتی دارایی و ئابووری پەیوەست دەبێت بە دابین کردنی بڕی پارە بۆ بـەردەوام بـوون لە:

1- دابین کردنی پێشینەی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیان لە پارێزگاکان و قـەزا و ناحیـە و گوندەکانـدا بە پێی ڕێنمایی و پرەنسیپی ڕەچاو کراو و پتەو کردنی حیسابەکەی لە کاتی پێویسـتدا، لەگـەڵ لێخۆشبوون لە قەرز وەرگر لەمەرجی زامن کردنی ژیان.

2- پشتیوانی کردن لە پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێی بانکی کشتوکاڵەوە.

3- پشتیوانی کردن لە پرۆژەکانی بانکی پیشەسازی.

4- پشتیوانی کردن لە پرۆژە گەشتوگوزارییەکان.

**دووەم**: وەزارەتی دارایی و ئابووری پەیوەست دەبێت بە پارەدان بە سندووقی نیشـتەجێ بـوون بـە بڕی (100 سەد ملیار دینار) لەگـەڵ ئـەوەی ئەولـەوییـەت بـە پرۆژەکـانی نیشـتەجێبوون بدرێت، ئەوانەی کە لەناحیە و گوندەکاندا دەیانگرێتەوە.

**سێیەم**: تەرخانکردنی بڕی (49 چل و نۆ ملیار دینار) بۆ دابین کردنی خانوو بـۆ هاوڵاتیـانی کـەم دەرامەت بەپێی یاسای دابین کردنی خـانوو لـە هـەرێمی کوردسـتان ژمـارە (7)ی سـاڵی 2008.

**چوارەم**: تەرخان کردنی بڕی (25 بیست پێنچ ملیار دینـار) بـۆ پشـتیوانی کـردن لـە سـندووقی قەرزی بچووك و پرۆژەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان، کـە سـاڵی 2010 ئەنجومـەنی

وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای پشتگیری پرۆژە بچووکەکانی گەنجان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (2)ی ساڵی 2011 پەسندی کردووە.

**پێنجەم:** تەرخانکردنی بڕی (10) دە ملیار دینار بۆ هاوکاری کردنی ئەوانەی کاتی خۆی پەنایان بۆ ئێران و تورکیا بردووە و گەڕاونەتەوە یان نیازی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە و پێشتر قەرەبوو نەکراونەتەوە و، ئەم پارەیەش لە یەدەگی وەزارەتی دارایی و ئابووریی دابین دەکرێت.

**ماددەی حاڤدەم:**

لە سندووقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت کە لە ماددەی پازدەیەمی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (22)ی ساڵی 2007 دەقنووس کراوە، داهاتی وەدەست هاتوو لە پڕۆسەکانی نەوت و غازی تایبەت بە کێڵگە نەوتییەکان بەگوێرەی حوکمەکانی دەستووری عێراق و یاسای نەوت و غازی هەرێم دادەنرێت.

**ماددەی هەژدەم:**

لە حاڵەتێکدا گۆڕان بە سەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستاندا هات، دەسەڵات بە وەزیری دارایی و ئابووری دەدرێت بۆ:

**یەکەم:** کەم کردنەوەی تێکڕای بڕی بودجە بە هەمان ڕێژە بۆ پڕ کردنەوەی کورت هێنان.

**دووەم:** لە حاڵەتی هەبوونی زێدە لە بودجەدا، بە پێی پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران، ڕەزامەندیی پەرلەمان، سەبارەت بە چۆنیەتی خەرج کردنی، وەردەگیرێت.

**ماددەی نۆزدەم:**

ناکرێ گرێبەست بۆ کار کردن لە فەرمانگەکانی هەرێمدا بکرێت، تەنیا بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری نەبێت.

**ماددەی بیستەم:**

وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم تێکڕای حیسابی مانگانەیان (بودجەکانی پێداچوونەوە) لە وادەیەکدا کە ماوەکەی لە (10) ڕۆژ لە دوای کۆتایی هاتنی هەر مانگێك تێپەڕ نەکات، پێشکەش بە وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری دەکەن.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

سەرۆك فەرمانگەی یەکەی خەرج کردن، کە لە پێشکەش کردنی حیسابی کۆتایی ساڵی 2010ی فەرمانگەکەی دوا دەکەوێت، پاش کار پێ کردنی ئەم یاسایە، بە گوێرەی ڕێکاری یاسایی و ڕێنمایی کار پێ کراو، ڕەوانەی لێکۆڵینەوە دەکرێت.

**ماددەی بیست و دووەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێش قەرزکردنی هەر بڕێك ڕەزامەندی پەرلەمان وەربگرێت لەگەڵ ئاشکراکردنی (بیان) ئەو پڕۆژانەی کە بۆیان تەرخانکراوە.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

هەموو وەزارەتەکان و ئەو فەرمانگانەی گرێدراوی وەزارەت نین ئەرکی دابەش کردنی خەرجی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان بە سەر پارێزگاکانی هەرێمدا دەگرنە ئەستۆ، بە ڕەچاو کردنی چڕیی دانیشتووانی هەر پارێزگایەك و ئەو ناوچانەی پتر زەرەرمەندن، دوای لادانی خەرجییەکانی ناوەندی وەزارەت.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

یەك خستنی بودجەی تێکڕای ئەو دەزگایانەی کە تا مانگی تشرینی دووەمی ساڵی دارایی 2011 یەکیان نەگرتۆتەوە، لە حاڵەتی پابەند نەبوونیش بە وادەی دیاری کراو خەرج کردنی بودجەی ئەو دەزگایانە رادەگیرێت جگە لە مووچەکان.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

**یەکەم:** هەموو ئەو کەلوپەل و کاڵایانەی لە لایەن فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتییەوە بە ناوی خۆیان و بۆ بەکارهێنانی خۆیان هاوردە دەکرێن، ڕەسمیان لێ وەرناگیرێت.

**دووەم:** ئەو ڕەسم وەرنەگرتنەی سەرەوە ئەو کەلوپەل و کاڵایانەش دەگرێتەوە، کە بۆ فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتی، لە حکومەت یان دامەزراوی بەخشەرەوە هاوردە کراون.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

ڕێژەی (10٪) لە مووچەی هەر یەك لە سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی و سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان و ئەوانەی مووچەی وەزیر و بریکاری وەزارەت وەردەگرن و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان و ئەوەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرێت و ڕاوێژکاران و خاوەن پلە تایبەتەکان و دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

ئەو پارانەی کە بەپێی ماددەی بیست و شەشەم دەبڕدرێن بۆ سوودی سندووقی شەهیدان تەرخان دەکرێن و بڕینەکەش لە 2011/7/1ـەوە دەست پێ دەکات.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکسانی لەنێوان مووچە و دەرماڵەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن لە هەرێم لەگەڵ مووچە و دەرماڵەی هاوتاکانیان لە تاکەکانی هێزی چەکدار و هێزی ئاسایشی ناوخۆی حکومەتی فیدراڵدا بەدی بهێنێت.

**مادەی بیست و نۆیەم:**

لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە یەکسانی لەنێوان مووچەی خانەنشین کراوانی هەرێم و مووچەی خانەنشین کراوانی حکومەتی فیدراڵیدا وەدی بهێنێت، بەمەرجێ ئەمە نەبێتە هۆی کەم کردنەوەی مووچەکانیان.

**مادەی سییەم:**

لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە یەکسانی لەنێوان مووچە و دەرماڵەی کارمەندانی (العاملین) هەرێم لەگەڵ مووچە و دەرماڵەی هاوتاکانیان لە کارمەندانی حکومەتی فیدراڵی وەدی بهێنێت، بەمەرجێ ئەمە نەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مووچە و دەرماڵەی کەسیان، لەمەشدا بەڕێوەبەرانی گشتی و ئەوانەی حوکمەکانی ماددەی بیست و شەشەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بەدەردەکرێن.

**ماددەی سی و یەك:**

دانەمەزراندنی هیچ وەزیفەیەکی سەرکردایەتی (لە بەڕێوەبەری گشتی بە سەرەوە) ئەگەر لە یاسای وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت یان پەیکەری ڕێکخستنیدا پلە نەبێت.

**ماددەی سی و دوو:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە ئەنجام نەدانی گواستنەوە لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ سەر بودجەی وەگەڕخستن.

**ماددەی سی و سێ:**

لە حاڵەتی خەرج نەکردنی پشتیوانەی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە کۆتایی ساڵی داراییدا، ئەوەی لێی ماوەتەوە لە حیسابێکی تایبەت بە ناوی (حیسابی جێبەجێ کردنی پڕۆژە بەردەوامەکان) دادەنرێت.

**ماددەی سی و چوار:**

حکومەتی هەرێم پابەند دەبێت بە جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان بەگوێرەی ئەو پلانەی کە لە بودجەی وەبەرهێنان لەلایەن وەزارەتەکانەوە و بەگوێرەی پسپۆڕایەتی ڕاگەیەندراوە و، نابێ هیچ وەزارەتێك لە دەرەوەی پسپۆڕایەتی خۆیدا پڕۆژە جێبەجێ بکات.

**ماددەی سی و پێنج:**

پێویستە وەزارەتی پلاندانان هەر چوار مانگ جارێك راپۆرتێك لەسەر رێژەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

**ماددەی سی و شەش:**

هەموو ئەو مووچانەی کە لەبەر هۆی سیاسی راگیراون بۆ ئەو کەسانە خەرج دەکرێت کە بۆ وەزیفەکانیان گەڕاونەتەوە، ئەمەش پاش سەلماندنی راستی قسەکانیان.

**ماددەی سی و حەوت:**

دەبێت وەزیری دارایی و ئابووری رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات و هەروەها بۆدیاری کردنی دەسەڵاتی خەرج کردنی بە ئیداراتی حکومی بە ماوەیەك کە لە (15) پازدە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی تێپەڕ نەکات.

**ماددەی سی و هەشت:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی سی و نۆ:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چل:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە و لە رۆژی 2011/1/1ـەوە جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر عبدالله**
**(د. کەمال کەرکووکی)**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 17 ی سالی 2011 لەلایەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.